سودانی بەبۆنەی 42هەمین ساڵیادی ئەنفالی بارزانییەکان پەیامێک بڵاودەکاتەوە

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراق بەبۆنەی 42هەمین ساڵیادی ئەنفالی بارزانییەکان ڕایگەیاند، پرسە و هاودەنگی خەمان ئاراستەی برایانی بارزانی دەکەین بە تایبەتی بەڕێز مەسعود بارزانی، بۆ ئەو قوربانیدانە و ئەو خوێنە پاکە کە لەگەڵ خوێنی هەمو عێراقییەکان، بووە هۆی ڕزگاربون".

محەمەد شیاع سودانی، ئەمەی هێنی لە پەیامەکدا کە لە پلاتفۆرمی "X" بە زمانی کوردی بڵاویکردوەتەوە و ڕایگەیاند، 42 ساڵ بەسەر شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالدا تێدەپەڕێت، کە پیر و منداڵ و ژنان و گەنجانی بنەماڵەی بارزانی"ـی بەڕێزەکانی کردە ئامانج.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو هەڵمەتانە بووە هۆی بێسەر و شوێنکردنی هەشت هەزار کەس بە شێوەیەکی دڕندانە و نامرۆڤانە، بەڵگەیەکی ڕونە لەسەر دیکتاتۆرییەت و تاوانکاریی ڕژێمی لەناوچو.

سودانی باسی لەوەشکردوە، بەم بۆنەیەوە پرسە و هاودەنگی خەمان ئاراستەی برایانی بارزانی دەکەین بە تایبەتی بەڕێز مەسعود بارزانی، بۆ ئەو قوربانیدانە و ئەو خوێنە پاکە کە لەگەڵ خوێنی هەمو عێراقییەکان، بووە هۆی ڕزگاربون لەو سەردەمە لە تاریکییەوە بۆ ئازادی و دادپەروەری لە سایەی

سیست□می دیموکراسیماندا.